

## پرۆفیسۆر گریچن باوەر بۆ گوڵان:

# بەشداری ئافرەتان لە سیاسەتدا پەیوەندی بە ئاشتی و ئاسایشی جیهانەوە هەیە


لە ساڵی ١٩٩٥ و لە کۆنگرەی پەکین جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە بۆ پێشوازی لەسەدەی ٢١ و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکانی ئەو سەدەیە بەشداری ئافرەت لە سیاسەت و بڕیاردروستکردن و بڕیارداندا زیاتر بکرێت و لەماوەی ٢٠ ساڵدا جۆرێك لە یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە سیاسەت پیادە بکرێت، بەڵام ١٩ ساڵ بەسەر کۆنگرەی پەکین تێپەڕ بووەو نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئامارێکیدا ئاماژە بەوە دەکات، هەتا ساڵی ٢٠٢٥یش ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لەسیاسەتدا لە ٣٠٪ تێپەڕ ناکات و لە ٢٠٤٠یش ئەو یەکسانییە دروست نابێت. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت ئەم وتوێژەمان لەگەڵ خاتوونی پرۆفیسۆر (گریچن باوەر) ئوستادی زانستی سیاسەت و تایبەتمەند لەسەر پرسی بەشداریی ئافرەت لەسیاسەت ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی (گوڵان)ی دایەوە.

**• هەتا ئێستا زۆرترین خانمی سەرکردە لە نێو کاری رێکخراوە ناحکومییەکان و زانکۆکان زیاتر وەك سەرکردە دەردەکەون و هێشـتا خانمان نەیانتوانیوە وەك پێویست لە کایەی سیاسی بە ئاسـتی رێکخراوە ناحکومییـەکان دەربکەون، ئەمە لە کاتێکدایە کە بریاری سیاسـی گۆڕانکاری دروستدەکات، نەك رێکخراوە ناحکومییەکان، بۆیە پرسیار ئەوەیە تاچەند گرنگە لەو بـوارەدا دایك و باوکان بایەخ بە پەروەردەکردنی کچانیان بدەن و ئایا تاچەند گرنگە ئافرەت لە سیاسـەتدا بەشدار بێت؟**

- زۆر سوپاس کە هەوڵتاندا چاوپێکەوتن لەگەڵ مندا بکەن و زۆر خۆشـحاڵم کە ئێوە لەرێـی گۆڤارەکەتانەوە بایەخ بە بەشداریی ئافرەتان دەدەن لە سیاسەتدا. من هاوڕام لەگەڵتاندا کە بەشـداری ئافرەتان لە سیاسەت و پرۆسەی بڕیارسازیدا زۆر گرنگە. بەدڵنیاییەوە لە سەرتاسەری جیهاندا دایکان و بـاوکان دەبنە نموونەیەکی باڵای گرنگ بۆ کچان لە کاتی گەورەبوونیاندا. هەروەهـا پێموایە پەروەردەکردنی کچ زیاتر گرنگە و پەروەردەی دەرەوەی ماڵیش زۆر گرنگە. لە ڕاستیدا ئەگەر سـەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە ڕێژەی بەشـداریی سیاسی ئافرەتان زیاترە، کە ڕەنگە ئەمە هەندێ لە وڵاتانی ئەسـکەندەنافی بگرێتەوە، ئەوا دەبینین کە بۆ چەندین ساڵە ئافرەتان بەشدارن لە پرۆسەی پەروەردەی دەرەوەی ماڵەوەدا، لە هەمو قۆناغەکاندا، لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندەی... هتد، کەواتە ئەمە فاکتەرێکی گرنگە. فاکتەرێکی گرنگی دیکە ئەوەیـە ئافرەتان تا زیاتر لە هێزی کاردا بەشـداربن و لـە دەرەوەی ماڵ کاربکـەن، ئەوا بەشـداریکردنیان لە سیاسـەتدا زیاتر دەبێت. هەروەها پێویسـتە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان برەخسـێنرێن کە بـوار بە ئافرەتان دەدات بەشـداری لە سیاسـەتدا بکەن. وەك چاودێریی منداڵان و چاودێری بەساڵاچووان، بە چەشنێك ئافرەتان قەتیس نەکرێن لەم کارانەدا، کە بە زۆری ئەمە ڕووبەڕووی پیاوان نابێتەوە. پێموایە ئەمانە هەندێ لەو هۆکارانەن کە دەبنەهۆی ئەوەی ئافرەتان پتر بەشداری لە سیاسەتدا بکەن.

**• لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و موحازەرە دەوترێنـەوە لە پێناو پەرەپێـدان و وەبەرهێنان لە بەشداریکردنی ئافرەتان لە سیاسەتدا، بۆ نموونە کۆنفرانسی پەکین لە ساڵی ١٩٩٥دا کە داوای دەرفەتی زیاتری کرد بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی بگەنە پۆستە باڵاکان لە حکومەت و لە سیاسەت و لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ٢٠ سـاڵ، هەسـت ناکرێت هیچ گۆڕانکارییەك ڕوویدابێت لەم ڕووەوە، بۆچی بەشـێوەیەکی گشتی جیهان لەبەرامبەر بەشدارنەبوونی سیاسیی ئافرەت هاوهەڵوێستە؟**

- سەرەتا ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە کە لە کۆنفرانسی (پەکین) دا ئامانجەکان داڕێژران بۆ بەشداری ئافرەتان لە سیاسەت و پرۆسەی بڕیارسازیدا، ئومێدکە ئەوەبوو کە لە ساڵی ٢٠١٥، واتە بیست ساڵ دوای کۆنفرانسەکە بەشداریکردنی ئافرەتان بۆ لە ٥٠٪ لەو پرۆسانەدا بەرزببێتەوە، ئێمە وادەگەینە ساڵی ٢٠١٥ ئەوەمان نەبینیوە،بەڵام لەو کاتەوە بەرەوپێشچوونێکی زۆر هاتۆتەدی. من دەتوانـم لە ڕووی ئەزموونی خۆمەوە لە سەب سەحارای ئەفریقیا لە بارەی بەشداریی ئافرەتان لە سیاسـەتدا بدوێم، کە لە زۆرێك لە وڵاتاندا و لە نزیکەی دە وڵاتی سەب سەحارای ئەفریقیا زیاتر لە ٣٠٪ی دەسەڵاتی یاسـادانانیان لە دەسـت ئافرەتان بووە و بگرە هەندێ جار گەیشـتووەتە ٤٥٪ و لـە ڕواندا کە پێشـەنگە لە جیهاندا ڕێژەکە ٦٥٪بووە، کە لەو حاڵەتەدا بەشداریی ئافرەتان لە دەسـەڵاتی یاسادانادا لە بەشـداری پیاوان زیاتر بوو. ئێمە تەوژمێکی هاوشێوە دەبینین لە ئەمەریکای لاتینـدا، لـە ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی سـەب سەحارای ئەفریقیادا بەکارهێنانی کۆتا بەدی دەکەین بۆ هێنانەناوەوەی ئافرەتانێکی زیاتر بۆ دەسـەڵاتی یاسـادانان. هەروەها بەشداریی ئافرەتان دەبینین لە کابینەی حکومەتدا، وەك وەزیری پەروەردە و وەزیری دارایی و وەزیری کاروباری دەرەوە، کە ئەمە بەبێ دانانی سیستەمی کۆتا ڕوودەدات، لە حکومەتێکی وەك حکومەتەکەی ئیتاڵیـادا لە کۆی ١٦ وەزیر ٨یان ئافرەتن. کەواتە بەرەوپێشچوونێکی ڕاستەقینە بەدی هاتـووە لەوەی ئافرەتان لـە جیهاندا ئەو پۆستانە بەدەستەوە بگرن، کە لە ڕێی هەڵبژاردنەوە یەکلادەبنەوە. لە پەیوەندیدا بەوەی ئاستەنگەکان چین، ئەوا زۆرێك لەو ئاسـتەنگانە دەگەڕێنەوە بۆ سیسـتمی هەڵبژاردن، واتە ئایا چ سیستمێکی هەڵبژاردنت هەیە بۆ ئـەوەی بوار بە ئافرەتان بـدات بگەنە پەرلەمان. زۆرێکـی دیکەش پەیوەندییـان بە پارتە سیاسـییەکانەوە هەیە، چونکە پارتە سیاسییەکان پارێزەری دەروازەکەن (Gate Keeper)، مەبەسـتم لەوەیە کە ئەوە پارتە سیاسـییەکانن ئەوە دیاری و دەستنیشـان دەکەن کە کێ دەبێتە پاڵێوراو. هەروەها لەمپەری دارایی هەیە کە زۆرجار ئافرەتان سەرچاوەی باشیان لەبەردەستدا نییە. بەشێکی پەیوەندی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە کە چۆن وێنای ئافرەت دەکەن، کە هەندێکیان پتر بایەخ بە ستایلی قژی ئافرەتان دەدەن یاخود بە شێوەی پۆشینی جل و بەرگیان، نەك بە بەشداریان لـە سیاسـەتدا. ئەوانە بەردەوام دەبنە کێشـە بۆ ئافرەتان. هێشـتا لە هەندێ کۆمەڵگەدا چوونە دەرەوەی ئافرەتـان و ئەنجامدانـی هەڵمەتەکان لەلایەن ئافرەتان و چوونەدەرەوەیان لە شەودا دەبێت بە هاوڕێیەتی پیاو بێت، ئەمەش وەك کێشـەیەك دەمێنێتەوە کـە ڕووبەڕوویان دەبێتـەوە. کەواتە هێشـتا زۆرێك لەم بەربەسـتانە ماون، پێموایە لەڕێی هەندێ جیـاکاری ئەرێنییـەوە (Affirmative Action-Positive Discrimination) وەك دانانـی کۆتا دەکرێت بەسەر ئەو کۆسـپانەدا زاڵبین. ئەوەی کۆتا دەیکات بریتیە لە تەختکردنـی گۆڕەپانەکە بۆ هەردوولا، واتە هەندێ لەو ئیمتیازاتانە لە پاڵێوراوە پیاوەکان وەردەگرێتەوە کە هەیانە لە بەرامبەر ئافرەتاندا.






**• بەڵام لەسەدەی ٢١ ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی پیاوان دەبنەوە، ڕووبەڕووی ئافرەتانیش دەبنەوە، ئەگەر بەپەلە هەنگاو بۆ بەشداریی یەکسانی ئافرەت لە سیاسەت نەدرێت، ئایا جیهان ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە نابێتەوە؟**

- پێموانییە بەشداریی ئافرەتان بەرەو داکشان بچێت و دووچاری پاشەکشە ببێت. ئێمە هەندێ بەرەوپێشچوون دەبینین لە هەندێ شوێن و ئەمەش بەردەوام دەبێت، ئێمە ئەمەمان لە سەب سەحارای ئەفریقیا بەدی کرد. لەبەر ئەوە هیچ وڵاتێك نییە کە ئافرەتان پاشەکشەیان کردبێت و لە هەر هەڵبژاردنێکدا ڕێژەیەکی بچووك لەبەرەوپێشچوون دەبینین، کە ڕێژەیەکی زۆر نییە، بەڵام بەرەوپێشچوونێکی بچووك دەبینین. لەڕاستیدا بەشداریی ئافرەتان لە سیاسەتدا زۆر گرنگە و پەیوەندی بە ئاشتی و ئاسایشی جیهانەوە هەیە. ئەمە بە زۆری لە ئەفریقیادا دەبینین کە توێژینەوەکان ئەوەیان پیشانداوە بەشداری ئافرەتان لە گفتوگۆکان و لە ڕێککەوتنەکاندا چەند گرنگ بووە لە کۆتاییهێنان بە زۆرێك لەو ناکۆکییانەی بەم ساڵانەی دوایی کۆتاییان هات. هەروەها ئەگەر بمانەوێت کۆتایی بە توندوتیژی دژی ئافرەتان بهێنین، توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری (Gender Based Violence)، ئەوا کارێکی یارمەتیدەر دەبێت کە بەشداری بە ئافرەتان بکرێت لە میکانیزمەکانی کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان و هێنانەئارای ئاشتی. ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن و ئەگەر پێشوازی لە هاوکارییان نەکرێت و هەوڵەکانیان ئاوێتە نەکرێت ئەوا لە ئایندەدا دووچاری کێشە دەبینەوە.

**• ئەگەر بەشداریی سیاسیی ئافرەت لەگەڵ ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەراورد بکەین، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئافرەتێك ببێتە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان؟**

- من دەڵێم پیادەکردنی هەندێ سیاسەتی پەیوەست بە کۆتاوە هەنگاوی عەمەلین. وتنی ئەوەی پێویستە ڕێژەیەکی زیاتری ئافرەتان بەشداری لە سیاسەتدا بکەن، جیاوازە لەوەی بە عەمەلی بەشداری بە ئافرەتان بکرێت لە سیاسەتدا. دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر مەسەلەکە جێبهێڵین بۆ پارتە سیاسییەکان، یان بۆ دەنگدەران بە تەنها، ئەوا ناکرێت ئەو ئامانجانە بهێنینەدی کە بیریان لێدەکەینەوە. لەبەر ئەوە گرنگە کە هەندێ جار ڕێوشوێنی جیاکاری ئەرێنی بگرینەبەر، وەك کۆتا، کە دەرکەوت ئەمە زۆر زۆر کاریگەر بووە لە ئەمەریکای لاتین و لە ئەفریقیا. بوونی ئافرەتێك بە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بیرۆکەیەکی زۆر باشە، بەڵام ئێمە بەم دواییە لە زۆرێك لە وڵاتاندا ئەوە بەدی دەکەین کە بوونی ئافرەتان بە سەرۆك و بە سەرۆك وەزیران بە شێوەیەکە کە پێشتر وێنەی نەبووە. من باسی بەرازیل و ئەرجەنتین و چیلی و لایبریا و مالاوی دەکەم، ئەمەش جیاوازی دروستدەکات، نەك هەر لای ئافرەتان و کچان، بەڵکو خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی ئەو تێڕوانینەیان لا دروست دەبێت، کە ئافرەتان کەفائەتیان هەیە و دەتوانن ببنە سەرکردەیەکی سیاسی بە توانا (Competent Political Leader)، لەبەر ئەوەی ئەو نموونانە کاریگەرییەکی زۆر بەهێزیان دەبێت. بۆ من جێی سەرسوڕمانە کە خەڵکی کۆششێکی سەختتریان نەکردووە بۆ ئەوەی ئافرەتێك ببێتە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**• بۆچی ئافرەتان لە سیاسەتدا بەشدارییەکی کەمتر دەکەن، ئایا بە سروشتی خۆیان ڕقیان لە سیاسەتە، یان کۆسپەکانی بەردەمیان زۆرە، بۆیە ئامادە نین بەشداریی سیاسەت بکەن؟**

- هەروەك پێشتر وتم ئێمە بەشدارییەکی پتر دەبینین، بەشدارییەکی زیاتری ئافرەتان دەبینین بە بەراورد بە ڕابردوو. من نازانم کە ئایا ئافرەتان بە سروشتی خۆیان ڕقیان لە سیاسەتە یان نا، بەڵام لە زۆر شوێن ئەو بیرۆکەیە هەیە کە دەگوترێ سیاسەت بوارێکی پیسە و ئافرەتان نایانەوێت بەشداری سیاسەت بکەن و دەستی خۆیان پیس بکەن و شتی لەو بابەتە، بەڵام ئەو تێڕوانینانەش دەگۆڕدرێن. بە باوەڕی من هیچ شتێکی خۆڕسك نییە کە ڕێگری بکات لەوەی ئافرەتان بەشداریی سیاسەت بکەن. بەڵام هەندێ کۆت و بەند هەیە کە ڕێگری دەکات لەوەی ئافرەتان لە پۆستەکانی سیاسی و سەرکردایەتیدا




**ئەگەر چاوەڕێی گۆڕانکاری لەسەرخۆ بکەین، ئەوا کاتی زۆری دەوێت و بە پێچەوانەوە ئەگەر سیستمێکی وەک کۆتا بەکاربهێنن ئەوا گۆڕانکارییەکە زۆر خێراتر ڕوودەدات**

**لە زۆر شوێن ئەو بیرۆکەیە هەیە کە دەگوترێ سیاسەت بوارێکی پیسە و ئافرەتان نایانەوێت بەشداریی سیاسەت بکەن و دەستی خۆیان پیس بکەن، بەڵام ئەو تێڕوانینانەش دەگۆڕدرێن**

**هیچ شتێکی خۆڕسک نییە کە ڕێگری بکات لەوەی ئافرەتان بەشداریی سیاسەت بکەن. بەڵام هەندێ کۆت و بەند هەیە کە ڕێگری دەکات لەوەی ئافرەتان لە پۆستەکانی سیاسی و سەرکردایەتیدا بەشداری بکەن**

بەشـــداری بکەن. دەوترێت ئەگەر ئافرەتان بەشـــداری لە سیاسەتدا بکەن، ئەوا سروشتی سیاسەت و خیتابی سیاسەت دەگۆڕن، بە شـــێوەیەك کە سیاســـییەکان تەفاعول لەگەڵ یەکدا بکەن. واتە مەســـەلەکە هەر ئـــەوە نییە کە ئافرەتان بەشداری لە دەسەڵاتی یاسادانانەدا بکەن و هاوشێوەی هاوەڵە پیاوەکانیان ڕەفتار بکەن، بەڵکو پێویســـتە هەردوو لایەن بە شێوەیەك کاربکەن کە پتر هاوکاریکردن لە خۆبگرێت و بایەخ بەو شتانە بدەن کە بەرەو یەکسانییان دەبەن.

**• ئەوە ڕاســـتە کـــە ڕۆژ بە ڕۆژ بەشـــداریی ئافرەتان لە سیاســـەتدا زیاتـــر دەبێت، بـــەڵام بەپێی ئامـــاری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە ٪٣٠ تێناپەڕێت لـــە جیهاندا، بەڵام دەگاتە ئەو ڕێژەیە، تەنانـــەت باســـی ئەوەش کـــراوە کە لە ســـاڵی ٢٠٤٠یش یەکسانی بەشداریی ئافرەت و پیاو لە سیاسەتدا نایەتەدی، ڕاو بۆچوونی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاســـتە کە ئەگەر ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە پەرلەمانی نیشـــتمانیدا زیاتر ببێت، ئەوا ئەمە بـــە مانای ئـــەوە نایەت کـــە ئێمە یەکســـانی ڕەگەزیمان بەدەســـتهێناوە. لەبـــەر ئـــەوە دەبێت چاوەڕێـــی ڕوودانی گۆڕانگاری ئابووری - کۆمەڵایەتی بین، بۆ نموونە یەکێك لە هۆکارەکانی بەشـــداری زیاتری ئافرەتان لە سیاسەتدا لە ئەوروپـــا و ئەمەریکادا بریتی بوو لـــە: بوونی تەوژمی بە عەلمانیکردن، لەبەر ئـــەوە کاتێك خەڵکی پتر دوور کەوتنە لە ئاینی سیاســـی و ڕێکخراوەیی، ئەوا پتر کراوە بوون لە ئاست یەکسانیی ڕەگەزی و بەشداری سیاسی ئافرەتاندا و پتر پێشـــوازیان لێکرد. ئەم جۆرە گۆڕانکارییانەش چەندین دەیەی پێویســـتە. ئەگەر چاوەڕێی گۆڕانکاری لەسەرخۆ بکەیـــن، ئەوا کاتـــی زۆری دەوێـــت، بەپێچەوانەوە ئەگەر سیســـتمێکی وەك کۆتا بەکاربهێنن ئـــەوا گۆڕانکارییەکە زۆر خێراتر ڕوودەدات. لەگەڵ ئەوەشـــدا، من پێموایە بوونی ئافرەتان لـــە پەرلەمان و لە سیاســـەتدا کاریگەری دەبێت لەسەر دروستبوونی هەستێکی بەربڵاوتر بۆ یەکسانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ . ئەمەش لە بەشـــێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی دەبینن کە ئافرەتان توانای ئەنجامدانی ئەو کارەیـــان هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەری ئەوە هەیە بەشـــداریی ئافرەتان لە پرۆســـەی سیاســـیدا سەربکێشێت بۆ یەکسانی جێندەری.

**• دوا وتەت بۆ خانمانی کوردستان چییە؟**

- ئێوە دەتوانن ســـوود لە ئەزموونی وڵاتە گەشەکردووەکان و تەنانەت تازە گەشـــەکردووەکانیش وەربگرن، چونکە هەندێ لەو وڵاتانەی لە ڕیزی پێشـــەوەن لەڕووی بەشـــداریکردنی ئافرەتانـــەوە کەوتوونەتـــە ئەمەریکای لاتین، یان ســـەب سەحارای ئەفریقیا. بۆ نموونە لە ئەمەریکادا تەنها ٢٠٪ی ئەندامانی کۆنگرێس لە ئافرەتان پێکهاتوون، لە کاتێکدا لە ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیـــا ڕێژەیەکی بەرزتر دەبینیت، ئەویش لەبەر ئەوەی هەندێ ڕێوشـــوێنیان وەرگرتووە کە تایبەتمەندی خانمانیان بە ئیجابی لەبەر چاوگرتووە.



**پرۆفیسۆر گریچن باوەر لەچەند دێڕێکدا:**

پرۆفیســـۆر گریچن باوەر، ئوســـتادی زانستی سیاســـەتە و ســـەرۆکی بەشـــی پەیوەندییـــە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی دیلاوەر (Delaware) پســـپۆڕ و تایبەتمەندە لە سیاسەتی ئەفریقیا و هەروەها تایبەتمەندە لەسەر بەشداری ئافرەت لە سیاسەت، ئێستاش لە زانکۆی دیلاوەر وانەکانی سیاسەت و بەشـــداریی ئافرەت لە سیاسەت لە وڵاتانی ســـەب ســـەحارای ئەفریقیا دەڵێتەوە، تازەترین بڵاوکراوەکانیشی بریتین لە:

*** کۆتای ئافرەتان**

*** دیموکراتـــی و نوێنەرایەتیـــی ئافـــرەت لە ئەفریقیا**



# ٨ی مارس...
# بزاڤێک بۆ نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی و دژایەتیی ئەقڵییەتی نەریتسالاری

**جیاوازی و جیاکارییەکانی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی و ڕەگەزی بە درێژایی مێژوو کارەساتی بەدوای خۆیدا هێناوە و لە ئەنجامی ئاسمیلەکردن و بزاڤی بەرنگاری و رزگاریخوازیش زۆر شەڕ و پێکدادانی دژوار ڕووی داوە، ئەوانەش بێگومان گەلێك قوربانی لێکەوتۆتەوە. بە هاتنەوەی ساڵیادی رۆژی جیهانی خانمان، پێویستە ئاوڕێك لە بزافی یەکسانیخوازیی ڕەگەزی بدەینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ناچار دەبین بە ناخی خەبات و ڕەنگدانەوەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا خۆمان شۆڕ بکەینەوە، لەبەر ئەوەی خولقێنەری دەستنیشانکردنی ڕۆژێکی جیهانی بۆ خانمان و ئەوەی کە دەروازەیەکی گەورەی بەڕووی دەستەبەرکردنی مافەکانی ڕەگەزی مێدا کردەوە، خەبات و قوربانیدانی خودی خانمان بوو، کە ئەسپی خۆیان لە گۆڕەپانی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزیدا تاو دا و بناغەی ڕیفۆرمێکی مێژووییان دانا، کە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتانی لێکەوتەوە، بەڵام ئایا پاش ئەو هەموو قوربانیدانە، هەنگاوەکان بەرەو چ ئاراستەیەك بوونەوە، چ ئاسۆیەکی لە بەردەم مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتاندا کردووەتەوە؟ ئایا لە هەرێمی کوردستان تا چەند بایەخ بەو ڕۆژە و ناوەڕۆکی پەیامەکانی دەدرێ؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

### کورتەباسێك لەسەر مێژووی دەستنیشانکردنی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان

دەستنیشانکردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەکو ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، دەگەڕێتەوە بۆ خۆپیشاندانە گەورەکەی ئافرەتانی کرێکاری کارخانەیەکی رستن و چنین لە (نیویۆرک)ی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی بەمەبەستی زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی ماوەی کار، خۆپیشاندانێکیان وەڕێخست و هاوکات بە هۆی هێرشی هێزەکانی پۆلیس بەشێک لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە کوژران و بریندار بوون.

خەباتی ژنانی کارخانەی رستن و چنین لە ئەمریکا وەکو ڕووداوێکی مێژوویی و گرنگ لە مێژووی خەباتی مافخوزانەی ئافرەتان بەگشتی و خانمانی ئازادیخوازی بەتایبەتی دێتە ئەژمار.

لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە شاری (کۆپینهاگن)ی دانیمارک دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالست بەڕێوەچوو، کە لەوێ (کلارا زتکین) یەکێک لە ڕێبەرانی ناسراوی حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا لەسەر



دیاریکردنی ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان دواو پێشنیاریکرد، ٨ی مارس وەکو ڕۆژی جیهانیی ئافرەت بناسرێت. لە لایەکی دیکەوە جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٢١ی زاینی دوای ١١ ساڵ دیسان پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان دیاری بکرێ، پێشنیارەکەی پەسند کرا و ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی ئافرەتان لە مێژوودا دیاری کرا.

٨ی مارس هەم وەبیر هێنانەوەی خەباتی قارەمانانەی ئافرەتانی کارخانەی رستن و چنینی (نیویۆرک)ە، هەم ڕۆژی بزاڤی ئافرەتانی کرێکاری (پیترۆس بۆرگ)ـە دژ بە حکومەتی رووسیای تزار، کە بە بنەمای خەباتی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی دادەنرێ. گەرچی تا هەنووکەش ڕێوڕەسمەکانی ئەم بۆنەیە لە زۆرێک لە وڵاتان قەدەغەیە، بەڵام ئافرەتانی چالاك و خەباتکار کۆڵیان نەداوە و بۆ هێنانەدی ئاواتەکانیان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامن. لە هەرێمی کوردستانیش زۆر بە بایەخەوە یادی ئەم ڕۆژە جیهانییەی ئافرەتان دەکرێتەوە.

**هەموو ساڵێك تەنیا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك باسی مافی ئافرەت گەرموگوڕ دەبێت**

سەرۆکی سەنتەری خاتوزین (چلورە هەردی) بە پێویستی دەزانێت سەرجەم ئافرەتانی کوردستان و جیهان چالاکیی خۆیان لەم ڕۆژەدا برەو پێبدەن و دەڵێت: هەموو ساڵێك بە هاتنی ڕۆژی ٨ی مارس باس و پرسی مافەکانی ئافرەت بۆ ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژە گەرموگوڕ دەبێت و دواتر لەبەردەم نەریتەکانی پیاوسالاریدا چۆك دادەدات و ئافرەت دیسان پەراوێز دەخرێتەوە، بۆیە بە هاتنی ٨ی مارس نابێت تەنیا وەك بۆنەیەك بۆ ئاهەنگگێڕان لێی بڕوانین و پێویستە ئەو ڕۆژە هانمان بدات کە بیکەینە دەستپێکی خەباتێکی بەردەوام بۆ نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی و پێویستە ببین بە دەنگی ئەو ئافرەتانەی کە ناتوانن دەنگی خۆیان بەرزکەنەوە، پێویستە ئەو دایك و خوشکانەمان بپارێزین کە لەژێر هەڕەشەی کوشتندان و کەس دەنگیان نابیستێ، پێویستە ژنانی ئەنفال و دایك و خوشکی شەهیدان بەسەر بکەینەوە، دەبێت ئافرەتانی گوندە دوورەدەستەکان بە مافی ڕەوای



**دەکرێ ٨ی مارس بکرێتە سەرەتای هاتنەمەیدانی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی کە هەم دەسەڵات و هەم کۆمەڵگە ناچاربن گوێ لە داخوازییەکانی ئەو بزووتنەوەیە بگرن**

ڕەگەزی و لەهەمان کاتدا وێنەیەکی خەباتە لە کۆمەڵگە بۆ نەهێشتنی نایەکسانی و بەدەستهێنانی بەهای کۆمەڵایەتیی ئافرەتان. گوتیشی: جێگەی خۆشحاڵییە کە ئافرەتی کورد لە زۆر ڕووەوە توانیویەتی بەسەر زۆر کۆسپ و تەگەرەدا سەربکەوێت و بوونی خوی بسەلمێنێت، بێگومان ئافرەت نیوەی کومەڵگەیەو دایکی نیوەکەی دیکەشیەتی و بە بێ بەشداری ئافرەت هیچ کۆمەڵگەیەك پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت، بۆیە دەبێت هەموو مافەکانی دەستەبەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە هێشتا کومەڵگەی جیهانی بەگشتی و کۆمەڵگەی نەریتی بەتایبەتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە پلەی مرۆڤایەتی ئافرەتان بەرجەستە بکات. بۆیە تائێستاش تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی و ستەمکاری دەبێتەوە.

**ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتان کوردستان بەردەوام هەوڵی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی داوە**

بەرپرسی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئافرەتانی کوردستان ئەزموون و هەوڵەکانیان بخەنەسەر یەك و دەست لە ناو دەست لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومی و ناحکوومی و پەرلەمانی یاسادانەر بۆ نەهێشتنی جیاوازی کار بکەن. گوتیشی: ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتان کوردستان بەدرێژایی تەمەنی ڕێکخراوێکی داکۆکیکاری مافەکانی ئافرەتان بووەو بەردەوام بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەتان کاری کردووەو لە دژی ئەو ئەقڵییەتە وەستاوە کە ئافرەت دەکاتە قوربانی هزری پیاوسالاری و هەوڵی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی داوە.

تریفە ئەحمەد چالاکوانی بواری ئافرەتان لە بەریتانیا، خۆیان ئاشنا بکەین و فشار بخەینە سەر پەرلەمانی کوردستان کە بە یاسای توند ڕووبەڕووی ئەو کەسانە ببینەوە کە مافەکانی ئافرەتیان زەوت کردووە.

لەیلا عەبدولجەبار بەرپرسی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بەهەمان پرس، دەڵێت: ٨ی مارس ڕۆژێکی مێژووییە بۆ ئافرەتانی جیهان، چونکە ڕۆژی ڕزگاربوونی ئافرەتانە لە جیاکاریی

**پێویستە ڕێکخراوەکانی ژنان دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژی هەوڵبدەن، هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و ببکەنە بزووتنەوەیەکی کارا کە ڕۆڵی لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات هەبێت**

**ئەرکی سەرەکی دیاریکردنی میکانیزمەکانی کارکردنە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئافرەتان و بەرنامەڕێژی بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و ئاشناکردنی تاک بە مافەکانی ئافرەت**





پەیامـــی خۆی بەمجۆرە بـــۆ ڕۆژی جیهانیـــی ئافرەتان خستەڕوو: ڕۆژی ٨ی مارس نیشانەی سەرهەڵدانی خەباتی ژنـــان و ڕووبەڕووبوونەوەی ناعەدالەتی و بێمافی و بە کاڵا سەیرکردنی ئافرەتانە، بۆیە هەموو ژنان و پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە پێویســـتە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشـــکەوتوو خەباتی بێوچان بکەن، بەتایبەتی ژنان دەبێت بە یەکدەنگی و یەکڕیزی ڕووبەڕووی ئەو بێمافی و نایەکسانی و پلە دووییە ببنەوە کە بازاڕی بێ ڕەحمی پارەو سەرمایەدا هەوڵی بە کاڵاکردنی ئافرەتان دەدات.

**دەستەبەرکردنی مافی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری هەنگاوی جددی پێویستە**

نووســـەر و ڕۆژنامەنووس حەیات مەجید، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هەموو ڕۆژێك گرنگی خۆی هەیە، بەڵام هەندێك ڕۆژ گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە. نموونەشی بە ڕۆژی هەشتی مارس وەك ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان هێناوە و گوتی: ٨ی مـــارس هەڵگری پەیامێکی مێژووییە بۆ مرۆڤایەتی و گەر لە ناوەرۆکی تێبگەین و وەدیهێنەرانی ئەو ڕۆژە بکەینە سەرمەشـــق ئـــەوا بێگومان لە پێناوی دەســـتەبەری مافی یەکســـانی کۆمەڵایەتی و سیاســـی و ئابووری هەنگاوی جددی هەڵدەگرین.

لەلای خۆیەوە ســـتیڤان شـــەمزینی سەرنووسەری گۆڤاری شەپۆل، سەبارەت بە ڕۆژی ٨ی مارس بەمجۆرە هاتەئاخافتن: دەستنیشـــانکردنی ڕۆژی جیهانی ژنـــان، خۆی لە خۆیدا ڕەهەندێکی ســـیمبۆلیکی هەیە، ئەگەرنا لەم ڕۆژەدا و لە ڕۆژەکانی دیکەشدا چەوساندنەوەی ژنان هەر درێژەی هەبووە و بازووی پیاوســـالاریی بەهێزتر کردووە. دەتوانم بڵێم ڕۆژی هەشـــتی مارس ڕۆژی بەرگریی و تەحەددای ئافرەتانە لە بەرەوڕووبوونەوەی سیســـتمی باوکسالاری کە تێیدا ژن وەك پلەیەکی خوارتر لە نێرینە تەماشای دەکرێت. لە بنەڕەتیشەوە ڕۆژەکە لە قوربانیدانی ژنانی کرێکارەوە ســـەریهەڵداوە، بۆیە بە ڕای من ئەم ڕۆژە ئەوەندەی یادەوەرییەکی سیمبولێکە نیو هێندە ڕۆژی دەستەبەری مافەکانی مێینە نییە.

**پێویستە ڕێکخراوەکان دوور لە بیری تەسکی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژی بۆ یەکسانیخوازی هەوڵبدەن**

شـــەمزینانی زیاتر گوتـــی: لە کوردســـتان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مێینە ئەم یادەوەرییە وەك ئاهەنگ ســـەیر دەکەن، لـــەو ڕۆژەدا جلی ئاڵەو واڵا دەپۆشـــن و کۆمەڵێك چالاکیی ڕێکدەخەن، کە ئەوەندەی تەقسێکی ئاهەنگئامێزی هەیە، نیو هێندە هەســـت بـــەوە ناکرێت، ئەم ڕۆژە بە مانای هاتنـــە مەیدانی ژنانە لە هەموو کایەکانەوە بۆ هەڵتەکاندنی سیستمی پیاوســـالاریی و هەڵاواردنی ڕەگەزی. بە بڕوای من تاکو ئێســـتا لە کوردستان و لە هیچ شوێنێکی دنیا ئەم ڕۆژە نەیتوانیوە هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆ بۆ ژنان دەستەبەر بکات، کە شـــیاوی باسکردن بێت، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە ژنـــان لە کوردســـتان ئەم یادەوەرییـــە وەك ڕەمزی خەبات و هاوپشـــتی ژنان نابینن، کەچی لە دەرەوەی کوردســـتان ئەم ڕۆژە دەبێتـــە ڕۆژێك بۆ ناڕەزایی دەربڕین و ڕێکخســـتنی بزووتنەوەیەکـــی کۆمەڵایەتـــی کاریگەر. پرســـیارە ئەوەیە چەندین ســـاڵە یادەوەری ڕۆژی ژنان بە چالاکی جۆراوجۆر بەرز رادەگیرێـــت، بەڵام ئایا کاریگەریـــی ئەم چالاکییانە گەیشـــتۆتە کۆمەڵگـــە؟ بێگومان نەخێر، بۆیە پێویســـتە ڕێکخراوەکانـــی ژنان دوور لە بیری تەســـکی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژی هەوڵبدەن، هێـــزی خۆیان کۆبکەنەوە و بیکەنە بزووتنەوەیەکی کارا کە ڕۆڵی لەســـەر کۆمەڵگە و دەسەڵات هەبێت، پێویستە هەموو یەکسانیخوازان لە کوردستان بەهەردوو ڕەگەزەوە لە دەوری پلاتفۆرمێکی یەکسانیخوازانە کۆببنەوە و ئەو ڕۆژە بکرێتە ســـەرەتای هاتنەمەیدانی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازیی کە هەم دەسەڵات و هەم کۆمەڵگە ناچار بن گوێ لە داخوازییەکانی بگرن، بەتایبەت گۆڕینی یاساکان هەنگاوێکی جیددییە و گوشار خستنە سەر دەسەڵاتیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسا تازانەی کە دڵخوازی یەکسانیخوازانن لە خەباتی ئایندە. بەشێکی میحوەری دەبێت.

**ئافرەتانی گوند و ناحیە دوورە دەستەکان فەرامۆش کراون**

توێژەری کۆمەڵایەتی فەرەیدون بێوار، ڕۆژی ٨ی مارس بە وەرچەرخانێکی مێژویی لە بزاڤی ئافرەتان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەژمار دەکات و دەڵێت: لەدوای ئەو مێژووە کە کۆمەڵێـــك ئافرەتی بوێر و چالاك لەپێناو دەســـتەبەرکردنی مافی ئافرەتان قوربانییان دا، کۆمەڵێك ڕێکخراوی تایبەت بە ئافرەتان و چالاکـــوان هاتنەمەیدانەکەوە بۆ درێژەدان بەو بزاڤ و شۆڕشـــە، بەڵام ئەوەی جێی ســـەرنجە گۆڕینی ئاراســـتەکەو بە ڕواڵەتکردنی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانە. لە ئێســـتادا تەنیا وەك بۆنەیـــەك و یادکردنەوەی ڕۆژی ٨ی مارس مەراســـیمی بۆ ســـاز دەکرێ، نەك بۆ پێداچوونەوەو چرکردنەوەی هەنگاوەکان و باشـــتر کارکردن و دیاریکردنی کێشـــەکانی ئافرەتـــان و دیاریکردنـــی مێکانیزمەکانـــی کارکردن بۆ چۆنیەتی چارەســـەرکردنی کێشـــە و گرفتی ئافرەتان، یاخود بەڕنامەرێژی بۆ بڵاوکردنەوەی وشـــیاری و ئاشناکردنی ئافرەتان بە مافەکانیان. کێشەکە لەوەدایە کە ڕیکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان و بە خودی ئەنجومەنی باڵای خانمانەوە تەنیا ئافرەتانی ناو شار بە ئافرەت دەزانن و ئافرەتانی گوند و ناحیە و قەزا دوورە دەستەکانیان فەرامۆش کردووە. بەداخەوە ســـاڵانە حکومەتی هەرێم پارەیەکی زۆر بەو ناوەوە خەرجدەکات، کە نیوەی زیاتری بەهەدەر دەچێ و ناچێتە خزمەتی ئافرەتانەوە. لە ئێستا ئەم یادە بۆتە بۆنەیەك بۆ پارە خەرجکـــردن و لەبەرکردنی جلوبەرگی ئاڵاو واڵا و دانیشتنی پیاوان لە ڕیزی پێشەوەو وەرگرتنی پۆست و پایە لەلایەن هەندێك ئافرەتەوە بەنـــاوی خزمەتکردن بەئافرەتان. بەڵام بەگشتی ڕەگەزپەرستی و مافی تاکڕەگەزی ناڕەوایە و سەروەری مرۆڤ لە هەموو شتێك گرنگترە. بۆیە دەکرێ لەمەودوا هەوڵ بۆ ســـەروەری مـــرۆڤ بدەین، کە تێیدا بە ئاسوودەیی و بەبێ جیاکاری ڕەگەزی بژین.

**گۆڕینی یاساکان هەنگاوێکی جددییە و گوشار خستنەسەر دەسەڵاتیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسا تازانەی کە دڵخوازی یەکسانیخوازانن لە خەباتی ئایندە بەشێکی میحوەرییە**

**پێویستە ببین بە دەنگی ئەو ئافرەتانەی کە ناتوانن دەنگی خۆیان بەرزبکەنەوە و پێویستە ئەو دایک و خوشکانەمان بپارێزین کە لەژێر هەڕەشەی کوشتندان و کەس دەنگیان نابیستێ**

**بە هاتنی ٨ی مارس نابێت تەنیا وەک بۆنەیەک بۆ ئاهەنگگێڕان لێی بڕوانین پێویستە ئەو ڕۆژە هانمان بدات کە بیکەینە دەستپێکی خەباتێکی بەردەوام بۆ نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی**